ئێران شۆنگرێوی فەرماندەی سوپای پاسداران و سوپاسالاری دیاریکرد



پاش هەرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران و کوژرانی فەرماندەی سوپای پاسداران و سوپاسالاری ئێو وەاتە، ئێران دوو فەرماندەی دیکەی لە شۆنی ئێوان دانایێو.

ئێمە هەینی ، میدیای ئێران باوی کردێو، ئێحمەد وەحیدی وەک فەرماندەی سوپای پاسداران لە شۆنی حوسێن سەلامی داندرایێو پاش ئێوەی ئێمە بەرەبیان لەلایەن ئیسرائیلێو کوژرا.

ئێحمەد وەحیدی پێشتر فەرماندەی فێیلەقی قودسی ئێران بووە، کەسایەتییەکی هەرە دیاری دامەزراوە ئێمنییەکانی ئێرانە و شارەزایەکی زۆری لەبوارەکەی خێیدا هەیە.

میدیاکانی ئێران ئاماژەیان بەوەش کردووە، لە بەری کەماری ئیسلامی ئێران عەلی خامنێیی فەرمانی کردووە، ئەدمیرال حەبیبوللا سیاری وەک سوپاسالار دیاریی بکرێت لە شۆنی سوپاسالاری پێشوو محەممەد باقری کە بەرەبیانی ئێمە هەینی لەلایەن ئیسرائیلێو کوژرا.

بەرەبەیانی ئەمڕۆ هێزی ، ئاژانسی هەواڵی تەسنیم، باوی کردووە، بارگای سوپای پاسداران لە تاران لەلایەن ئیسرائیلەوە بە چەندین مووشەک بەردومان کرا.

ئاژانسەکە باسی لەوەشکرد، حوسێن سەلامی، فەرماندەی سوپای پاسداران، محەممەد باقری، سوپاسالاری ئەران، محەممەد تەهرانچی, سەرکی زانکۆی ئازادی ئیسلامی و فەریدون عەباسی، زانای بواری ئەتەم، لە ئەنجامی هەرشکانی ئیسرائیلەوە کوژران.